حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەیزانستی

زانکۆی کۆیە

فاکەڵتی پەروەردە

بەشی مێژوو

# هێرشی مەغۆلەکان بۆسەر هەولێر

## توێژینەوەیەکە

لەلایەنە فێرخواز(ریاض حاجی حمەدەمین ) پێشکەش بەبەشی مێژوو فاکەلتی پەروەردە زانکۆی کۆیە کراوە، کە بەشێکە لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا.

بەسەرپەرشتی

م.سعید مولود

1439کۆچی 2718 کوردی

2018زایینی

## پێشەکی

مەغۆلەکان لەکۆتای سەدەی ١٢ زایینی لەسەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان دەرکەوتن ، توانیان یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دابمەزرێنن،ناوی ئەم داگیرکەرە زلهێزەیان بە تەتەر یان تەتار ناوبردووە. ئەمانە لە باکوری بیابانی جوبن بوون ئەمە لە نێوەندەکانی ئاسیا لە باکوری سیبیریا و باکوری نیت و ڕۆژئاوای مەنشوریاو ڕۆژهەڵاتی تورکستان لە نێو شاخەکانی ئەلتای لە ڕۆژئاواو شاخەکانی خنجان لە ڕۆژهەلات دەبوویەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەیە کەوا تیشک بخەینە سەر یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی جیهان و هێرشیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام بە تایبەتی زیاتر ورد ببینەوە لەو ڕووداوانەی بەیوەستن بە نیشتیمانەکەی خۆمان کە هێرشەکەیان بە شێوەیەکی دڕندانە ئەنجام ئەدا بێ گوێدانە بەها مرۆڤایەتیەکان هەروەها خستنە ڕووی زانیارییە ڕاستەکان لەبەر ئەو وێنا قارەمانەتیییەی کەوا لەبەرگری قەلای هەولێر هاتۆتە ئاراوە.

کە شوێنێکی پڕە لە شارستانیەت و هەبوونی هەلکەوتێکی جوگرافیاکەی کە پێگەیەکی ستراتیژیەتی بەم ناوچەیە داوە. هەوڵمانداوە میتۆی توێژینەوەکەمان کۆکردنەوەی زانیاری سەرچاوەکان بێت و بە پێکەوە بەستنیان بتوانین بەشێک لە مێژووی ئەم گەلە بخەینەڕوو ، دەبێ ئەوەش بڵێین بەهۆی شارەزا نەبوون لە زمانەکانی عەرەبی و

ئینگلیزی نەمانتوانیوە وەک پێویست پشت بە سەرچاوە بێگانەکان ببەستین ، بێگومان ئەوەش دەبێتە بەشێک لە گرفت لە بەردەم توێژینەوەکەمدا.

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرە پێک دێت ،لە تەوەرەی یەکەم باسی ناساندنی مەغۆل دەکەین کە دابەشی سێ خاڵم کردووە .یەکەم : ڕەچەڵەک و ڕەگەزی مەغۆلەکان.دووەم:شوێنی جوگرافیایی مەغۆلەکان.سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی مەغۆلەکان. لە تەوەرەی دووەم باسی ئەو هێرشانە دەکەین کە مەغۆلەکان کردیانە سەر ناوچەکانی ئیسلام و بەتایبەت بۆ سەر سەلجوقیەکان و خواریزمی و عەباسیەکان. لە تەوەرەی سێیەم:بە وردی بای لەو هێرشانە دەکەین کە مەغۆلەکان کردوویانە بۆ سەر هەولێر و باس لە بەرخۆدان و ڕاپەڕینی هەولێر و قەلای عەوێنە دەکەین .

# ناوەرۆك


| ژمارە | بابەت |
|---|---|
| | پێشەكی |
| | تەوەرەی یەكەم:ناساندنی مەغۆل<br>1.ڕەچەلەك و رەگەزی مەغۆلەكان<br>2.شوێنی جوگرافی مەغۆلەكان<br>3ژیانی كۆمەلایەتی و ئاینی مەغۆلەكان |
| | تەوەرەی دووەم:هێرشی مەغۆل بۆسەر ناوچەكانی ئیسلام<br>1. هێرشی مەغۆل بۆسەر سەلجوقیەكان<br>2. هێرشی مەغۆل بۆسەر خەواریزمیەكان<br>3. هێرشی مەغۆل بۆسەرعەباسییەكان |
| | تەوەرەی سێیەم :<br>هێرشی مەغۆل بۆسەر هەولێر |
| | دەرئەنجام |
| | لیستی سەرچاوە |

# تەوەرەی یەكەم :

# ناساندنی مەغۆل

1. ڕەچەلەك و رەگەزی مەخۆلەكان

2. شوێنی جوگرافیایی مەغۆلەكان

3. ژیانی كۆمەلایەتی وئاینی مەغۆلەكان

**تەوەرەی یەکەم ناساندنی مەغۆل**

1. **رەچەڵەك و رەگەزی مەغۆلەکان:**

بێگومان مێژوو نوسان کاتێ هەوڵی لێکدانەوەی مێژووی مەغرلەکان دەکەن دووچاری کۆسپ و تەگەرەی زۆر گەورەو سەخت دەبنەوەن، چونکە وادیارە باسکردن و گێرانەوەی مێژووی ئەم هۆزە رەوەندانە هەرگیز رێك و پێك ناکرێ دەرئە نجامی جێگیر نابێت. لەبەرئەوەی گێرانەوەی رووداوە مێژوویەکان بێسەر وبەری و پشێویەکی زۆری تێدایە، بۆیە وای لێدەکات زۆر ئەستەم بێ بتوانی سەرتایەکت دەست کەوێت کە لێیەوە سەرجەم هۆوەکانت بۆ دەستنیشان بکرێ. ئەوەی زیاتر مێژوونوسەکانی یەك دەخست و رایدەگرتن ئەوە بوو دەبوایە ئەوان سەرتا لەرووداوە ناوەخۆیەکان و پاشان ئەو شەر و جەنگانەی لەنێوان هۆزەکان بەر پابۆون هەموویان لەبەر دەست بوایە لەهەمان کاتیشدا دەبوایە مێژوو نوس نەوەستێ تا دەگاتە هەموو ئەو رووداو پەیمانانەی لەنێوان هۆزەکاندا ساز درابوون.

جگە لەمانەش مەلەف و ئاشکرا نەبوونی مێژووی نوێی مەغۆلەکان و تێکەڵا و بونیان بەئەفسانەکان و نەبوونی پەرتوکێك بەڵگەنامەی ئەوتۆی تێدا بەرچاو بکەوێت بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ نوسینەوەی مێژوەکەیان[1]. بەڵام مێژوو نوسان لەسەر ئەوە کۆکن بنچینەی مەغۆڵەکان تورکن[2].مەغۆلەکان لەکۆتای سەدەی شەشی کۆچ بیەرامبەر دوازدەهەمی زاینی لەسەر گۆرەپانی رووداوەکان دەرکەوتن توانیان گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیاهێن لەمێژووی مرۆڤایەتی دا بمەزرێنن.

مێژوو نوسەکان بەتایبەتی مێژوونوسە عەرەبەکان ئەوانەی لەسەردەمی داگیرکاری مەغۆلەکان ژیاون ناوی ئەم داگیرکارە زلهێزەیان بە( تەتەر) یان ( تەتار) ناو بردوە مێژوو نوسەکانی دوای ئەمانیش ئەمەیان دوو پات کردۆتەوە زۆربەی مێژوو نوس و لێکۆلەرەوەکانی ئەم سەر دەمەش هەر بەم ناوە ناویان بردوە جگە لەمێژوو نوسە موسڵمان و عەرەبەکانیش ناموسڵمانەکانیش بەتایبەتی گەریدە ئەو رووپیە دێرینەکان ناوی ( مەغۆل ) یان بە( تەتار) ناو بردوە کە ئەم ناوە ( تەتار)هەڵەیە و ناوی ( مەغۆل ) لەجێی خۆیدایەو راست و دروستە بەڵام مێژوو نوسە رۆژهەڵات ناسە ئەو روپیە گەورەکانی وەك ( بریتس کنیدەر و بارسۆلۆ)

[1] د. سەید باز ئەلعرینی، مێژووی مەغۆلەکان، و. شاخەوان محمەد، چاپخانەی رۆژهەلات -هەولێر، چ.5 ،2014،ل30.

[2] د. عبدالله العلیاوي،کوردستان في عهد المغول، ص22.

که هەردووکیان رووسین سیۆلۆی ئەڵمانی بۆبلی بەریتانی هیتریش جیاوازیان خستۆتە نێوان دوو ناوی (مەغۆل) و (تەتار) ئەمە گوتمان (رەشیدالدین الوزیر) مێژوو نوسی موسڵمان لەنوسینەکانی خۆیدا بەتایبەتی لەکتێبە بەناو بانگەکەیدا (جامیع التواریخ) دا روونی کردۆتەوە مێژوو نوسە چینیەکانیش بە (مەغۆل) ناویان بردووە بەتایبەت لەو کتێبانەیاندا کە وەریان گێراونەتە سەر زمانە تازە ئەو روو پیەکانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی، رۆژهەلات ناسەکانیش لەو نوسینانەیاندا کە بەزمانی (مەغۆل) بلاو کراوەتەوە هەر بە (مەغۆل) ناوی ئەم داگیر کەرەیان هێناوە ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی لەکتێبە بەناو بانگەکەی (التاريخ السرى للمغول او تاريخ المغول السرى – مێژووی نهێنی مەغۆل ) زەق بۆتەوە لە سەر ئەم بنەمایە بۆ مان روون دەبێتەوە کە (مەغۆل) شتێکە و (تەتەر) یش شتێکی ترە[3].

تەتەرە رەسەنەکان لەخۆر هەلاتی ناوەراستی ئاسیاوە یان لەناوەراستی سیبریا وە هاتبوون، لەو سەردەمەدا هۆزە گەورەکانی هەندێکیان لەگەڵ مەغۆل و تورکەکاندا هاوسێ بوون، لەوکاتەشدا ئەوەی پێی دەگوترێت نەتەوەو رەگەز پەرستی بوونی نەبووە، هەربۆیە تەتەرەکانیش لەهۆزە تورکەکانن و لەرووی رەگەزیەوە مەغۆل نین[4] .

---

[3] د.علی محمد الصلابی : دەوڵەتی مەغۆل و تەتەر ،و. ئەبوبەکر رسول، دارالمعرفە –بیروت، 2007،ل30-31.

[4] منصور عبدالکریم :جەنگیز خان ئیمپراتۆری شەرۆبەزینەری جیهان،و. محمد چیا، چاپخانەی چوارچرا –سلێمانی، 2016 ،ل12.

2. شوێنی جوگرافی مەغۆڵەکان:

ئەوەی تێبینی دەکرێت و بەردەوام دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم لێکۆڵەرەوەکان هەڵکشان و بەرفراوان بوونی ئەو زەویانەیە کە مەغۆڵەکان دەستیان بەسەر دادەگرتن، بۆیە پێویستە لەسەر شوێنی جوگارفیایی مەغۆڵەکان زۆر بەدیقەت بن، چونکە هیچ سنورێکی جوگرافی بۆ مێژووی مەغۆڵەکان نیە و هەموو ئەو سنورانەیان بەزاندوە کە دەوریان دابوو5. مەنغۆلیا لەباکوری بیابانی جوبن بوون، ئەمە لەنێوەندەکان ئاسیا لەباکوری سیبریا و باکوری نیت و رۆژ ئاوای مەنشوریا رۆژ هەڵاتی تورکستان لەنێو شاخەکان ئەلتای لەرۆژ ئاواو شاخەکانی خنجان لەرۆژ هەڵاتدا دەبویەوە دەکرێت مەنغۆلیا دابەش بکرێت بۆ دوو بەش: بەشی باکوری رۆژئاوای کەچەند شاخێکی زۆری تێدا بەرز بۆتەوە لەنێوەندیدا بان و دۆڵی وا هەیە کە چەو داپۆشیون. بەشی باشوری رۆژهەڵاتی نزمەکە بیابانی جوبی یان شامور کەتەنها لمێکی بڵاوی تەختیان شە پۆڵاوی یەکدەگرێتەوە کە چینێك لەچەوی تەواو رەق داپۆشیوە6.

3. ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی مەغۆڵەکان:

لەهۆکارەکانی بەهێزی مەغۆڵەکان سروشتە بەراییەکان بوو لە لەژیانی کۆمەڵایەتی سروشتی ژیانی مەغۆل ژیانێکی دەوار نیشین بوو لەناو ژمارەیەکی زۆر لەو هۆزانەی کە لە چواردەوریان بوون، سەرەڕای ئەمەش سادەیی لە گرنگترین سیفاتەکانی ژیانیان بووە.

هەروەها کۆمەڵێك سیستەم و نەریتیان دارشت بوو کە هەموویان لەسەری دەرۆیشتن و رێزیان دەگرت، ئەو ژینگەیەی کەتێیدا دەژیێن رەوشی کۆچەریان، بەسەریان دا سەپاندبوون کە بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە خۆیان لەسەر حەزی سەرکێشی کردن و رووبەروو بونەوەی نارحەتی رابهێنن هەروەها ئەم سیفاتانە لەناو دڵ و دەروونی منداڵەکانیاندا بچێنن هەر لەسەرەتای پێگەیشتنیانەوە، بۆ نمونە هەر لەتەمەنی سێ ساڵیەوە رایان دەهێنا لەسەر بەکارهێنانی تیر و رم و راوکردنی کەروێشك و ئاژەڵی کێویەکان، وەك چۆن گەورەکانیان سواری ئەسپ دەبوون بەهەمان شێوەش منداڵەکانیان سواری مەر دەبوون و دەستیان

---

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو،2104،ل31-32.

6 د.فوئاد عەبدول موعنی ئەلسەیاد:مەغۆل لە مێژوودا،و.نیهاد جەلال،چاپخانەی ڕوون،چ1،ب.ش،2008،ل32.

بەخوریەکەیەوە دەگرت[7]. بێگومان سروشتیش کۆمەڵێك داب و نەریتی سەپان بەسەر بیابان نشین و نەتەوەکانی (ئەستێپس) کەلەدەست نیشانکردنی بواری گەران و سورانی ڕەوەندەکان و خێرایی و جولای لەوەرزەکانی ساڵدا دەبوو بەگوێرەی دابەشکردنی ئاو دەراوو لەوەرگاکانیان بایە. ڕەوەندەکانیش بەوە ناسرابوون کەسەرچاوەی ئابوریەکەیان تەنها مەڕداری بوو لەلایەنی رامیاریشەوە داگیرکاربوون. جەنگاوەریش بوون لەمێژوودا[8].لەبارەی ئەو ژیانەی کە مەغۆلەکان تێیدا دەژیان ئەوا دەکرێت هۆزە مەغۆلەکان لەسەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچی (12 زاینی) دابەش بکەین بۆ چەند هۆزێکی شوانکار لەنێو لەوەڕگاکاندا، وەچەند هۆزێکی ڕاوچی کە لەرووبارەکاندا ماسی و لەجەنگەڵ کاندا ئاژەڵیان راو دەکرد راوچیە مەغۆلەکان پیشەی راوچێتیان لەشێوەی جیاوازدا پەیڕەو کردووە جا دەستەیەك هەبوون کەکاریان ڕاوکردنی ماسیەکان بوو، ئەوانی دیکەی نێو دانیشتوانیش شوێنی ئاژەڵە خاوەن فروەکانی وەك سمۆرە دەکەوتن و بازرگانیان پێوە دەکرد، وە بەسواری ئامێری خلیسکاندنن کە لەدار یان ئیسك دروست دەکران لەشوێن کارەکانی ئاژەڵان بەهۆی پەت و رمەوە ئاسکەکانیان ڕاو دەنا و شوێنیان دەکەوتن، بەڵام ئەم دابەشکردنە تەنها دابەشکردنێکی ڕێژەییە، چونکە بە پێی ژیانی ئەو هۆزانە کەژیانێکی خێڵەکیان بەسەر بردوە هەر هۆزێك دەیتوانی لەجۆرێکی ژیانەوە بۆ جۆرێکی تر ژیان بگوازێتەوە[9]. سەبارەت بەئاینی مەغۆل هیچ ئاینێکیان نەبووە کەوەری بگرن و هەموو لەسەری کۆك بن بەڵکو خێڵەکانیان ئاینی جیاوازیان هەبوون وەك (شامانی بوزی، مەسیحی، ئیسلام) لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی دوور بوون لەدەمارگیری بۆ مەزهەبێك دوور لەمەزهەبێکی تر.

شامانیەت جۆرێکە لەئاینی فرە خودایی کە خۆی دەبینیەوە لە پەرستنی هەموو شتێکدا کەبەبیری مەغۆلدا بهاتبایە تێگەیشتنیان نەبوایە بۆی، هەروەك خۆی دەبینیەوە لەهەر شتێك کەترسیان هەبوایە لێك ئەوان خواوەندی (رووبارو شاخ و خۆر و مانگ و هەورەبروسکەی ترسێنەر و هەورە گرمەی بەهێزیان

---

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل310.

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل21-22.

9- د.فوئاد عەبدول موعنی ئەلسەیاد:مەغۆل لە مێژوودا، و.نیهاد جەلال، چاپخانەی روون، چ1، ب.ش، 2008، ل33-34.

هەبووە ) ئەگەر مەغۆل نزیك دەبوونەوە لەو خواوەندانەی، ئەوەیان بەدور خستنەوەی بەڵاو زیان و خراپە دەزانی لەخۆیان و دورخستنەوەی تورەیی ئەو خواوەندەو ڕەزامەندی وەرگرتن و داوای تەندروستی لەش و عەقڵیان لێدەکرد و داوای پارێزگاری پاراستنی ماڵ و ئاژەڵەکانیان لێدەکرد بەم هۆیەوە شوێن کەوتوانی ئەم ئاینە گیانی بابو با پیرانی خۆیان دەپەرست چونکە باوەڕیان وابوو ئەو گیانە ئاینیە دەسەڵاتێکی گەورەیان هەیە لەسەر ژیانیان[10].

سەبارەت بە پەیوەندی مەغۆل لەگەڵ ئاینە جۆراو جۆرەکاندا ئەوان هیچ جیاوازیەکیان نەدەکرد لەنێوان ئەو ئاینە جۆراو جۆرانەدا کە لەدەوریان بوون، سەرەڕای ئەوەی هەرێمەکانی خۆر هەڵاتی ئاسیا تایبەت بوون بە جالیە ئیسلامیەکان و مژدەدەرە مەسیحیەکان و بوزاویەکان، بەڵام مەغۆل ئیعتیباراتی نەتەوەیی لەسەرو هەر ئیعتبارێکی دیکە دانابوو.

لەبەر ئەوە جەنگیزخان وەك یەك مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانی مەملەکەتەکەیدا دەکرد بێگوێدانە جیاوازی ئاینیان، ئازادی ئاینی بۆ خۆیان بەجێهێشتووە یەرەڕای ئەوەی کەخۆی بڕوای بە ئاینی شامانی هەبوو[11]. ئەوەی وایکرد مەغۆلەکان زیاتر ناوبانگ پێیا بکەن لێبوردەی ئاینی بوو، بەڵام ئەم هۆکارەی بووو بەهۆی ئەوەی گرنگی ئەو لێبوردەییە کەم بێتەوە ئەوە بوو، مەغۆلەکان زۆر ڕوویان لەئاین پەروەری نەبوو، پێیان وابوو بڕیار و حوکمەکانی ئاینەکان لەسەر بناغەیەکی توند و تۆڵ دانەمەزراوون لەو لێبوردەییەش تەنها مەبەستیان سوود وەرگرتن بوو لەو کەسایەتیانە کە لەخۆیان زیرەکتر و کارامەتر بوون بۆیە لە وپێناوەشدا گوێیان بەجۆری ئاینەکانیا نەدەدا[12]. بۆیە دەکرێت بڵێین مەغۆلەکان مومارەسەی چەوساندنەوەی سیسی و جەنگیان کردووە کە هەموو خەڵکەکەی گرتۆتەوە بەجیاوازی ڕەگەز و ئاینیانەوە[13]



[10]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل388-389.

11 منصور عبدالكريم، جەنگیزخان، و. محمد چیا، ه.س، ل311.

[12]د. سيد باز العرني، مێژووی مەغۆلەکان ،و. شاخەوان محمد، ه.س، ل35-36.

[13]منصور عبدالكريم، جەنگیزخان ،و. محمد چیا، ه.س، 2016.ل306

# تەوەرەی دووەم :

## هێرشی مەغۆل بۆ سەر ناوچەکانی ئیسلام

1. هێرشی مەغۆل بۆ سەر سەلجوقیەکان

2. هێرشی مەغۆل بۆ سەر خەواریزمیەکان

3. هێرشی مەغۆل بۆ سەر عەباسییەکان

## تەوەرەی دووەم :هێرشی مەغۆل بۆ سەر ناوچەکانی ئیسلام .

ڕۆژ هەلاتی ئیسلامی لەماوەی دە ووربەری جەنگەکانی مەغۆلدا لەبارێحکی تەواو لاوازی و سەر شۆری دابوو کە ناوچە گەلێکی لە خۆ گرتبوو کە دەست کسە و فیێل و ئاژاوە دا داگرتیوون ئارە زوو ئامانج و ململانیان تێدەخست و مەزهەبوو ڕاکان تێدا ناکرک و جیاواز بوون و چەند فەرمان ڕەوایکی ناکۆک و لەیەک تورە بەسەری دا زالّ بوون بەرژەوندیان تایبەتیەکانان زالّ ببوون بەسەر بەرژەوندیە بالأکانی نیشتیمانی دا و ئەو دانایە هەمیشەیان لەبیر کردیوو کەدەلێت ( یەکێتی بەهێزی جیاوازییە ) ،گرینگترین ئەم دەولاتانی ڕۆژهەلأتی ئیسلامەی پێك دەهێنا لەئیران و عێراق و شام و میسردا بەرپا ببوون.[14]

1. **هێرشی مەغۆل بۆ سەر سەلجوقیەکان :-**

دەولەتی سەلجوقی لە ئاسیایی بچووك لەسەردەمی کیقبازی یەکەم ،سەراریی ئەوەی لەسەرەتادا کەوتە ژێر هەرەشەیی مەغۆلەکانە لەسالّی ( 1237- 1245ز) لەسەردەمی حکومی کە یخسرەوی دووم گەیشتە ئەو پەری بەهێزی هەر چەند دەولەتی سەلجوقی بە رووکەش زۆر بەهێز دیار بوو بەلاّم لەناوەڕۆك دا کۆمەلێك هۆکاری لاوازی تێدا بوو.کەچی مەغۆلەکان لەسەر خۆرهەلات نەما ،چونکە مەغۆلەکان لەکۆتایی ژیانی کیقبازی یەکەم دەوورو خولی مولکەکانی سەلجوقیەکانی دابوو.لەلایەکی ترەوە کێشەو ململانی مەغۆلەکان هەلێکی باشی بۆ کە یخەسرە وەی دووەم ڕەخساند بوو کە بۆماوەی چەند سالیچك پشوو بدات بەحەسیتنەوە مەغۆلەکان لەسالی ( 1242ز)دا ئەرزەرۆمیان کەوتە ژێر دەست .[15] هەروەها تێدە کۆشان بۆفراوان کردنی پانتای ولاتەکەی هەتا بتوانن ئەو ولاتانەی داگیری کردوون خۆی بەهێز بکات ئەو ناوچانە بکاتە سەربازگەی خۆی کە جەنگیان پیّ بکات .بە ئەمەش بتوانن خەلیفەکان ملکەچی داواکاریەکانی خۆیان بکات.[16] بەهۆی کێشە و ململانی ناوخۆیەکانی دەولەتی سەلجوقی لەسەر تەختی پاشایەتی لەنێوان بنەمالەکەی ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەولەتی سەلجوقی ببیتە چەند مەمالیکیك.[17]

ئەمەش سەرەتا یەك بوو بۆ لەناو چوون بە کۆتایی هاتنی دەولەتی سەلجوقیەکان لەئاسیایی بچووك ،چونکە مێژووی ( 1243ز) بەسەرەتایی دەست پێکردنی هەڵمەتی چالاکی دوور و درێژی

---

[14] د. فوئاد عەبدول موعنی ئەلسەیاد:مەغۆل لە مێژوودا ،و.نیهاد جەلال،چاپخانەی ڕوون،چ1،ب.ش،2008،ل68.

[15] د. سەید باز ئەلعرینی :مێژوو مەغۆلەکان ،و.شاخەوان محمد،چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر،2014،ل190.

[16]منصور عبدالكريم :جەنگیز خان ئیمپراتۆری شەڕوبەزینەری جیهان،و. محمد چیا،چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی،2016،ل152.

[17] https://skbm.wikipedia.org/wiki دەولەتی سەلجوقی .

مەغۆلەکان دادەنرێت،کەهەمیشە سور بوون لەسەر چەسپاندنی دەسەلاتی خۆیان لەبەرامبەریشدا دەولەتی سەلجوقی تا دەهات لاواز تر دەبوو ،زۆریشی نەخایاند لەژێر فشاری لایەنە بەر هەڵستکارەکانی سەلجوقیەکان دەولەتەکەیان لێك ترازا.[18]

2. **هێرشی مەغۆل بۆ سەر خەواریزمیەکان:**

جەنگیزخان بڕیاری دا هەموو جیهان داگیر بکات ،بۆیە دەبوو لەدەولەتە دراوسێەکانی دەست پێکات بۆیە لەدەولەتی خەواریزمی ئیسلامی دەستی پێکرد، پاشان لەوێوە بەرەو ولاتانی ئیسلامی ڕۆیشت و دەست بەداگیر کاریەکانی بکات .جەنگیزخان بڕیاری دا زنجیرەیەك جەنگی یەك لەدوای یەك لەدژی ئەم ولأتەئیسلامیە بەرپابکات ،کەبەدەولەتی خەواریزمی ناسراوە دیارە ئەم دەولەتە چەند هەرێمیکی پر بایەخی جیهانی ئیسلامی لەخۆ گرتبوو.[19] لەدوایی مردنی خەواریزمی علادین لەساڵی (1199ز) کورەکەی جێگەی گرتەوە ناوی باوکی خۆی لەخۆی ناو ( محمد )ی بۆ زیاد کرد ( علادین محمد خواریزم شا )،بەهەمان شێوەی باوکی (خەواریزم ) ،* هەوڵی فراوان کردنی پانتایی ولاتەکەی دەسەلاتی خۆی فراوان بکات بەتاییەت ولاتە دراوسەێکانی ، تاگەیشتە سنوری دەست هەلأتی جەنگیز خان بەم شێوەیە ئەم ناوچانەی دەسەلاتی بەسەر داگرتبوو بووە هاوسنوری دەسەلاتی جەنگیز خان دوایی ئەوەی جەنگیز خان لەداگیر کردنی چین دا بوو چاوی بڕیبووە دەولەتی خەواریزمی و دراوسیێکانی ،هەردوو لا بەهێز بوون هیچ چارەیەکیکیان لەنێوان دا نەمایەوە تا ئەم کاتەی ڕێگە گەیشتە بەیەك دادان،هەریەك لەمانە چاوەڕوانی هەلێکی دەکرد بۆ لەناو بردنی ئەوەی تر .سوپایی خەواریزمی لەکاتێك دا بەرەو یەکێك لە جەنگەکان دەچوو لە ڕێگادا بە سوپایی مەغۆل گەیشت بەسەرکردایەتی ( جوجو)کوڕی جەنگیزخان سەرکردایەتی دەکرد و جەنگ لەنێوان یاندا ڕوویدا سەرە ڕای مەزنی سوپایی خەواریزمیەکان بەلام نەیان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەرامبەر بەسوپایی مەغۆل،بەهۆی ئەم تەکنیەکە سەربازیەی بەکاریان هێنا بوو بەرامبەر خەواریزمیەکان .[20] جەنگیز خان بەسوپا زەبەلەحەکەیەوە هات بۆ داگیر کردنی دەولەتی خەواریزمیەکان سولتانی خەواریزمی بۆ بەرنگار بوونەوەی بەسوپاکەی ----- ئەم ڕووداوە پاشا 13 سال لەدامەزراندنی دەولەتی مەغۆل ڕوویدا ئەم دوو سوپا گەورەیەلە خۆرهەلات دەولەتی خەواریزمی ،کوتومت لەرۆژ هەلات و رووباری ( سەیعون ) پێك گەیشتن ئەم رووبارە پی دەوترێت

---

[18] یاسین صابر صالح:ئینسایکۆلۆپیدیایی گشتی –بەرگی سێیەم ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی ،2009،ل526.

[19] منسور عبدلحەکیم : هۆلاکۆ، و.مەشخەڵ کەوڵۆسی، چاپخانەی گەنج–سلێمانی،2014،چ3،ل59.

*خەواریزم هەرێمێك دەکەوێتە نزیك ڕێڕەوکانی ڕووباری ئەموداریا( جیعون )لەبەر ئەوەی کەشوێنێکی سەوزایی چڕو پڕ وبەئاو بووبۆیە لەسەدەکۆنەکانەوە گرینگیەکی تەواوی هەبوو لەلایەن بەشارستانی بوونی شارستانیەتی ئاسیای ناوەڕاست.

[20] منصور عبدالکریم :جەنگیز خان ئیمپراتۆری شەڕوبەزینەری جیهان، ە.س ، ل ل 177–178–179.

( سەریداریا )کەدەکەوێتە ولاتی کازاغستان،چوار ڕۆژ جەنگ بەردەوام بوو هەزاران کەس کوژان لەموسلمانان ( 20 )هەزار کەس لەتەتەرەکان چەند بەرامبەر ئەم ژماریە گیانیان لەدەست دا.

لەدوای ئەوەی محمد خواریزم شا هەستی کرد کە سوپای مەغۆل لەو بەهێزترە توانای شکاندنی نیە .بۆیە پاشەکشەی کرد بۆشارە گەورەکانی بەتاییەت پایتەختی ولاتەکی خۆی وە خۆی قایم بکات .بۆیە لەهەموو لایەك سوپا کۆبکاتەوە بۆئەوەی خۆی بەهێزبکات .هەمووسەرووەت و سامانەکەی گەلەکەی بەکار هێنا تەنهال سەرووەت و سامانی خۆی پاراست .ئەم جۆرە سەرکردانە لەبەرامبەر سوپا گەورەکان خۆ ڕاکر نین. ئە مانە ئاما نجیان وێران کردنی ولاتە بەم شێوەیە جەنگیز خان هەمووشارەکانی خەواریزمی دەست بەسەر داگرت .یەکەم جار لەشاری بوخار دەستی پی کرد بەرەوە هەرێمەکانی تر .[21]

3. **هێرشی مەغۆل بۆ سەر عەباسیەکان :**

خیلافەتی عەباسی کەمێك پێش هێرشەکی هۆلاکۆ خان تەمەنی بەسەر ڕۆیشت بوو دوچاری پیر بوو، دیاردەکانی دارمانی لی وەدەرکەوتنی .لەراستی دا رەگوریشەی لاوازیەکەیش پیش ئەوەی بەماوەیەکی دورو درێژ کەوت بووە ئەم دەولەتەوە ئەویش بە هۆی دەسەلات دار بوونی فارسی یەکەم ،دووەمیش سەرکەوتنی تورکەکان هەر لەم کاتەوە و خەلیفە مەعتەسەم دەرگایی بەروو کردنەوە ،لەم کاتەدا خەلیفە موعتەسەم باالله (656-640ك) (1258-1242ز)کۆتا خەلیفەی عباسی بوو ن هەروەك ابن طباطبا دەڵێت:"خەلیفە کەسێکی دین دارو نەرم و نیان رەوشت جوان بوون ،زەبرو زەنگێکی وایی نە بوو ڕاوبۆ چوونی لاواز بوو بەهێز و توند نەبووئەزمون کەر بوولەبارەی کاروباری مەملەکەتەوە ".[22]

هۆلاکۆ بەردەوام هۆشداری دەدایە مستحصم کە دەولەتەکەی لە ناو دەبات .تا دەهات زیاتر هەواڵ دەگەیشتە خەلیفە کە سوپای مەغۆل نزیك دەبنەوە بەلام خەلیفە هیچ هەنگاوێکی نەدەنا بۆ بەرەنگار بوونەوەیان یان پێش ئەوەی مەترسیان بێتە سەر یان بە لایەنی کەمەوە لەگەڵیان دا ڕیك بکەوێت .[23]

ئەگەر چاوێك بخشیننینەوە بەم نامانەی لەنێوان هۆلاکۆ و خەلیفە ئالو گۆر دەکران خەلیفە سورە لەسەر هەرەشە و ترساندن بۆیە ئەم نامانە کایگەر کردە سەر هۆلاکۆ بۆئەوەی دەست بەهێرش کردن بکات ،.[24]

لەبەرە بەیانی ڕۆژی دووەم هێرش کرایە سەر سوپای خەلیفە و شەرو کوشتارێکی بەهێز روویدا دەستیان کرد بەوێران کردن و سوتانی شارەکە و کوشتنی ژمارەیکی زۆرکەنزیکەی 12 هەزار لەسوپایی خەلیفە کوژران .[25]

---

[21] منسور عبدلحەکیم : هۆلاکۆ،ه.س ،ل63-64.

[22] د.فوئاد عەبدول موعنی ئەلسەیاد:مەغۆل لە مێژوودا، ه.س ل ل 289-290.

[23] ه.س،ل295.

[24] د. سەید باز ئەلعرینی :مێژوو مەغۆلەکان ،ل230.

[25] http://aubyc.com/mezhunasi/148-mezhuy-dawlaty-adasy/916-rwxane-xelafae-abbase.

دانیشتوانی بەغداد بەجۆرێك ورەیان رووخا داتە پی کەهیچ شارێکی تر بەم شێوەیە نا ئومێدی بەخۆیەوە نەبینی و ژمارەیەکی زۆری لەگەورە پیاوان و سەرباز و پاریزەرەکان هەولی راکردنیان دا بەلام مەغۆلەکان رێیان پێگرتن .[26] کاتێك هۆلاکۆ دلنیا بوو دەتوانیت بەبی ئەوەی رووبەروی نارەحەتی و گرفت ببێتەوە بەرەو عێراق بچێت و هێزکانی دەتوانن دەست بەسەر بەغداد دابگرن ،کەوتە جێبەجێکردنی ئەم نەخشە سەربازیانەی کەلەکاتی نیشتە جیبوونی لەهەمەدان دایان رێشت بوون فەرمانی دەرکرد و تا سوپایی مەغۆلەکان بەئاراستەیی پایتەختی بجولین ،کاتێك لە( 13 کانوونی دووەم 1258 ) گەیشتە بغدادگەمارۆیکی توندی لەسەر دانا و هۆلاکۆ خۆی لەسەربازگەکەی لەدەرەوەی شارەکە لەبەرەی رۆژهەلاتەوە سەقام گیربوون .کاتێك خەلیفە سەختی باری خۆی بینی ،ویستی مەغۆلەکان لەبرِیاەکەیانن شلیان بکاتەوە تا هێرش نەکەن سەر بەغداد بۆیە نێردراو دیاری نارد بۆ هۆلاکۆ ،بەلام هۆلاکۆ ئامادە نەبوو ولامی ئەم بانگەوازە بداتەوە نەخشەیەکی سەربازی بەجی گەیاند تا لە پێش ئەوەی سەربازەکانی بچنە شارەکە ،بەرگری کاران لەبغداد دربکات بۆیە نەسرەدینی توسی نارد بۆلای خەلیفەو فەرمانی پی کرد تا سلێمان شا و دواتری بۆ بنێریت خەلیفەش ناچار بوو بیان نێریت کاتێك کە ئەم دووانە گەیشتنە لای هۆلاکۆ گەراندنەوە بۆ بەغداد تالەگەڵ شوێن کەوتنە سەربازیان بێنەوە بەم بیانووەی دوریان دەخاتەوە بۆ شام میسر ،بەمەش سەربازانی بەغداد و خەڵکیکی زۆر لەگەڵیاندا چوونە دەرێ ،کاتێك ئەم هەمووە چوونە دەرەوە هۆلاکۆ فەرمانی کرد تا هەموویان بکوژن.[27]

دواتر ئاگریان لەشارەکە بەردا و بۆماوەی ( 40 ) رۆژ کوشتن و تالان کاری بەردەوام بوو تائەم کاتەی خوێن رێژەکان شەکەت بوون ،بەلاّم دوای پشوەکی کورت دووبارە دەستیان بەتالان و کوشتاری کردەوە لەکۆتایشدا ژماریەك کوژراوە کان گەیشتە ( 80 )هەزار کەس و هەموو ئەندام مانی بنامالەی خەلیفە کوژران ،لەگەڵ کوژرانی خەلیفە مستعصم لە ( 1258/2/20 ) کۆتایش بەدەسەلاتی خەلافەتی عەباسی هات لە بغداد .[28]

---

[26] د. محمد سهل طقوش: پوختەی مێژووی ئیسلامی، و.نیهاد جەلال، ل 231-232.

[27] http://aubyc.com/mezhunasi/148-mezhuy-dawlaty-adasy/916-rwxane-xelafae-abbase

[28] د. محمد سهل طقوش: پوختەی مێژووی ئیسلامی، و.نیهاد جەلال، ل 231-232.

# تەوەرەی سێیەم :
# هێرشی مەغۆل بۆ سەر هەولێر

## تەوەرەی سێیەم :

## هێرشی مەغۆل بۆ سەر هەولێر:-

لەدوایی مردنی کوکبۆری( 1232ز) رادەستی خەلیفەی عەباسی کرا و بووە پێگەی پێشەوەی خیلافە لەبەرامبەر مەغۆل دا بەمەش چووە نێو بازنەی ئامانجە دیاریکراوەکانی مەغۆل لەسالی (1235ز)هێزیکان لەچیا کانەوە شۆر بوونەوە هێرشیان کردە سەر هەولێر روبەروی بەرگری بوونەوە لەهەردوو لا ژمارەیەك کوژران و بریندار بوون .[29] هێرشە یەکێك لەدوای یەکەکانی مەغۆلەکان وای کردبوو کەزۆربەی شارەکان چۆل بکرین لەگرینگترن شوینەکان (قەلای عەوێنە )تاسەردەمی عەباسیەکان ئاوەدانی تێدا بوویەکێك بوو لەکۆنترین شارەکانی نێوان نەینەوا و ئورا پخا(کەرکوك )و ئەربیلە( هەولێر ) و ئاشور ئەم شارە بەهۆی هێرشی درندانەی ئیمپراتۆریەکانی تەتەرو مەغۆل دەگەرێتەوە . وە هەروەها قەلای عەوینە لەدوای قەلای شاری هەولیچر بەگەورە ترین قەلای شوێنەواری دادەنرێت لەدەشتی هەولێر .[30] وەنەبێت کورد دوای هێرشەکانی مەغۆلەکان سەریان شۆر کردبێت بۆ بیگانە و داگیر کاریەکان ،کاتێك بەردەوام مەغۆلەکان بەتایبەت بۆ داگیرکردنی هەولێر لەشکر ی زیاتریان دەنارد بەلام کوردانی هەولێر (ئەربیل)ئازایەتی و جەربەزیەی خۆیان نواند هەروەها راپەرین لەدژی مەغۆلەکان کەبەردەوام بوون ئارامی بەخۆیەوە نەبینی لەسەربازگەی هەولێر کەبۆماوەی (13 )سێزدە سالی خایاند.[31] هەولێر لەرۆژگاری موزەفەرەدین دا لەدوای وەفاتیشی لە سالی (1236 )دا دوچاری پەلاماری مەغۆلەکان بووە وە خۆراگرانە و لەبەرامبەر ئەو پەلامارانەی کەبۆسەر شاری هەولێری کرد بەلام خەلکی هەولێر وەستاون داکۆکی جوامیرانەیان لەشارەکە کرد و نەبەزیون هەر بۆیەش هەولێر بەشاری هۆلاکۆ بەزێن ناسراوە کەسەرکردەیی مەغۆلەکان ناوی ئەقنویان بوو.[32]

شایەنی ئاماژەیە ئەم هێرشانەینان هەر بۆ خۆ تاقی کردنەوە و نانەوەی ترس و دلە راوکی بوو لەسەرەتادا لەنێو خەلکی دا بەلام هەناگاو هەنگاو تا دەهات گوشاری مەغۆل بۆسەر هەولێر بەگورتر دەبوو بەتایبەت دوای ئەوەی توانینان دەست بگرن بەسەر هەندێك ناوچە و بەربەستینا نەمێنیت بەفرمانی پایۆجۆنیان گەورە فەرماندەیان لەمانگی شەوالی 1236 ،هێزیکی تۆکمەی مەغۆل هەولێریان خستە نێو بانەی گەمارۆیەکی گەورە،خەلکی شاریش سەرکەوتنە نێو قەلاو خۆیان قایم کرد دەروازەکانیان کلیل دا و بەرگریان لە خۆ کۆکرد هێرش بەرانیش کەلێنیکیان خستە شورەیی دەرەوەی شار و چوونە ژوورە و دەیان ویست قەلاش بگرن و لە هەر چوار لاوە مە نجەنیقیان دابەست و دور پێچیانەکرد ، رۆژبەرۆژ بازنەی گەمارۆ تەسك دەبوویەوە ،گەمارۆدراوەکانی نیو قەلاش ورەیان بەر نەدا وە خۆیان نەدا بەدەستەوە هەرچەندە بەسەدانیان لە تونیەتی تیدا خنکان ،هەرکەسێك بمردبا جەستەی دەسوتیندرا، چونکە نەجێگاو کاتی شاردنەوەی هەبوو،نەش دەوێران فرێیدرینە خوارەوە نەبادە خەندەکەی دەرەوەی قەلا پر

---

[29] د.زرار صدیق تۆفیق:کورد وکوردستان لەرۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی دا،چاپخانەی رۆژهەلات –هەولێر،2012،ل384.

[30] رشيد طيب: جامع التواريخ، ص 176.

[31] https;// Kurdizanist.com راپەرینی کوردان دژی مەغۆلەکان

[32] www.history Of kurd.com 2016 مێژووی هەولێر؛

بێتەوە ،ئەم كارە ساتە 40 رۆژێكی خایەند  و مەغۆل تەخسیریان نەكرد و لە كوشتن و سوتاندن و كاولكردن.[33]

كوردەكان  پێج جار هێرشی مەغۆلەكانیان لە باشوری كوردستان تێك شكاند ،تەیمور لەنگ لەدوای گەمارۆدانی شاری هەولێر بەلای باكوری قەراغ شار لەچالێكدا خێوەت و بارەگای هەلدا بوو چاوەڕوانی گرتنی هەولێری دەكرد ،شێخ یكی ئاینی بە رێكخستنی دەنگۆیەك ترس ولەرزیكی زۆر دەخاەت نێو لەشكری تەیمور بلاوەیان پی دەكات .تەیموریش بۆخۆ قوتاركردن هاوار دەكات"چخار كنم )واتە( چ بكەم )بەتێك شكاوی رادەكات لەم سەردەم وە بەم شوێنە یان دە گوت ( چخاركنم ) .[34]

لەم هێرشە یەك لەدوای یەكانی كە كرانە سەر شاری هەولێر زیانیكی گەورەی مادی پێكەوت و چەند شوێنیكی شوراكەی دەورەو بەری ڕووخیندراو كەلێنی گەورەی تیكەوت گەلێك خانوو و بالەخانە خاپوور كران  دامەزراوەكانی شار زیانی قورسیان بەركەوت ، بێگومان سەدان كەسیش بوونە قوربانی ئەم كارەساتە.[35]

---

[33] د.زرار صدیق تۆفیق:كورد وكوردستان لەڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی دا، ل 385-386.

[34] حسین مەدەنی :كوردستان و ئیسترا تیژیی دەولەتان،چاپخانەی ڕۆژهەلات –هەولێر ،2009،ل74.

[35] د.زرار صدیق تۆفیق:كورد وكوردستان لەڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی دا، ل 387.

# دەرئەنجام

1 - هەرچەندە لە مێژوودا باس لەوە دەکرێت کە هەولێر شاری هۆلاکۆ بەزێنە. بەڵام هۆلاکۆ سەرکردایەتی هەلمەتەکانی مەغۆلی نەکردووە و نەهاتووە بۆ ئەم شارە، بەڵکو ئەم شار. لە لایەن سەرکردەی تری مەغۆل گەمارۆدراووە.

2 - - هۆکاری سەرەکی ڕووخاندنی دەوڵەتی عەباسی، سەرەڕای بەهێزی مەغۆلەکان و ژمارەی سوپاکانیان،. بەلام لاوازی دەوڵەتی عەباسی و نەبوونی یەکێتی سیاسی و لە جیهانی ئیسلامیدا کاریگەری لەسەر ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە هەبووە

3 - -مەغۆلەکان خاوەنی چەند سیفاتێکی تایبەتی بوون کە جیاواز بوون لە هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی تر

4 - .٤-دەکرێ بڵێین لە کاتی هەنگاونانیان، لاوازی دەوروبەریان وایکرد پەڵ بهاوێژن و دەستبگرن بەسەر زۆربەی شوێنەکانی جیهان

5 - -هەڵوێستی لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سەرربازیان یەک بووە، یەکگر بوون ئەمەش وایکرد سەرکەوتوو بن.

6 - -ئەو بارودۆخەی لەو ناوچانە هەبوون وایکرد ڕێگە خۆشکەر بێت و وە ڕاهێنانی سەربازی لەسەرووی کایەکانی ژیانیان بووە .

7 - -سودیان لە بێهێزی و پەرش و بڵاوی ناوچەکانی ئیسلام وەرگرت.دواتر بووە هێزێکی ترسناک بەرامبەر هەموو جیهان.

## لیستی سەرچاوە


- **سەرچاوە عەرەبیەکان**

1. د. عبدالله العلياوي،كوردستان في عهد المغول.
2. رشيد طيب: جامع التواريخ،

- **سەرچاوە کوردیەکان**

1. حسین مەدەنی :کوردستان و ئیسترا تیژیی دەولەتان، چاپخانەی ڕۆژهەلات –هەولێر ،2009.
2. د.زرار صدیق تۆفیق:کورد وکوردستان لەڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامی دا، چاپخانەی رۆژهەلات –هەولێر، 2012.
3. منسور عبدلحەکیم : هۆلاکۆ، و.مەشخەڵ کەوڵۆسی، چاپخانەی گەنج-سلێمانی، 2014.
4. یاسین صابر صالح:ئینسایکۆلۆپیدیایی گشتی –بەرگی سێیەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی ،2009،
5. د. سەید باز ئەلعرینی :مێژوو مەغۆلەکان ،و.شاخەوان محمد، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، 2014
6. د.فوئاد عەبدول موعنی ئەلسەیاد:مەغۆل لە مێژوودا ،و.نیهاد جەلال، چاپخانەی ڕوون، چ1، ب.ش، 2008،
7. د.علی محمد الصلابی : دەوڵەتی مەغۆل و تەتەر ،و. ئەبوبەکر رسول، دارالمعرفه –بیروت، 2007
8. منصور عبدالکریم :جەنگیز خان ئیمپراتۆری شەڕوبەزینەری جیهان، و. محمد چیا، چاپخانەی چوارچرا -سلێمانی

- **سەرچاوەی اینترنیت**


1. https;// Kurdizanist.com **راپەرینی کوردان دژی مەغۆلەکان**
2. www.history Of kurd.com 2016 **مێژووی هەولێر؛**
3. http://aubyc.com/mezhunasi/148-mezhuy-dawlaty-adasy/916-rwxane-xelafae-abbase
4. https://skbm.wikipedia.org/wiki **دەولەتی سەلجوقی .**